# رادیۆی کوردی مێژووی پەخش و دامەزراندن

## ١٩٣٩ - ١٩٤٥

د.محەمەد خدر مولود
زانکۆی جیهان – هەولێر- بەشی راگەیاندن

**پوختە**

لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ کە ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکەمین وئێزگەی رادیۆیە لە جیهان، تا رۆژی ١٩-١١-١٩٣٩ کە رۆژی پەخشی بەشی کوردی رادیۆی بەغدایە، مێژووی میدیای کوردی لە ٢٢-٤-١٩٨٩ وە لە یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان – قاهیرە)وە میدیای کوردی، تەنیا میدیای خوێندراو بووە. لەو مێژووە ١٩-١١-١٩٣٩ میدیای بیستراویش دەبێتە بەشێکی دیکەی کاریگەری میدیای کوردی و قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستاندا گەشە دەکات و سیفاتی قۆناغەکانی کۆمەڵگایش وەردەگرێ.

ئێزگەی کوردی لەساتەکانی دەسپێکی پەخشی و سەرهەڵدانییەوە لە بەغدا لە رۆژی یەکشەمەی ١-٧-١٩٣٩ تا رۆژی ٢٥ ی ئیلوولی ساڵی ١٩٤٥ لە یافا لەفەلەستین لەدەرەوەی خاکی کوردستان پەخشییان بۆ گوێگری کوردبووە.

رادیۆی کوردی تا دەبێتە ئەوراگەیاندنە بیستراوەی خاوەن تایبەتمەندییەتی بێ و وەك (رادیۆی کوردی) خۆی دەناسێنێ چەندین قۆناغی بڕیوە .

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا،باس لە بایەخەکانی رادیۆی کوردی ودامەزراندن و سەرهەڵدان ودەکا و بەپێویستی دەزانێ کەوا توێژینەوەیەك لەبارەی دامەزراندن و پێشخستنی رادیوی کوردی بەشێوەی وەسفی و مێژووی بخاتە ڕوو و جۆری رادیۆکوردییەکان و ئامانجەکانی ئەو میدیایە گرنگە شرۆڤە بکات.

**پێشەکی:**

لە بواری چاپ و رۆژنامەگەریدا نەتەوەی کورد لە چاو نەتەوەکانی دیکە وبەتایبەتیش نەتەوەی عەرەب و فارس و تورکی دراوسێیی درەنگتر ئاشنای کاری رۆژنامەگەری و چاپ بووە و لەساڵی ١٨٩٨ وە یەکەمین رۆژنامەی خۆی کە (کوردستان) ەو لەدەرەوەی خاکی کوردستان چاپ و بڵاودەکاتەوە، بەڵام لەبواری رادیۆ ومیدیای بیستراودا، کورد زووتر ئاشنای ئەم میدیایە دەبێ چونکە لەدوای دامەزراندنی یەکەم ئێزگەی رادیۆیی لە جیهان لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەمریکا، لە ئەم مێژوەووە دوای ١٩ساڵ لەبەغدا، بەشی کوردی رادیۆی بەغدا یەکەمین پەخشی خۆی بڵاودەکاتە.

ئەم توێژینەوەکە، لەسەر رادیۆی کوردی و دامەزراندنی ئەو میدیایی بیستراوەی کوردییە، لە کاتێکدایە گەلی کورد وەك نەتەوە خاوەن کیانی خۆی نەبووە و لە دوای رێککەوتنامەی سایکس- پیکۆوە دابەشکراوە و لە وڵاتی تازە دامەزراوی عێراقیشدا، وەك نەتەوەی دووەم مامەڵەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ کراوە درەنگتر لە مێژووی سەرهەڵدانی رادیۆ ١٩٢٠ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و وڵاتانی دەوروبەر کە رادیۆوئێزگەیان تێدا دامەزراوە. لە

دامەزراندنیش دا وەك بەش و بۆ ماوەیەكی كورت پەخشی دەبێت، نەك وەك رادیۆ وئێزگەی پەخشی رادیۆیی سەربەخۆی خاوەن بەرنامەی هەمەجۆر.

**بەشی یەكەم: چوارچیوەی توێژینەوە**

**كێشەی توێژینەوە:**

رادیۆی كوردی كەناڵێكی دیكەی میدیای بیستراوە، لە مێژووی میدیای كوردی دا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، سەرەتای سەرهەڵدانی لە ساڵی ١٩٣٩ وەك پیشەی میدیایی و پەخشی رادیۆیی بوو ودواتر دامەزراندنی لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٠ یا ١٩٤١ پاشان لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٦ تا ١٩٦٣ دەكرێ وەك تەكنەلۆجیای میدیای بیستراوی كوردی كە كارمەندی كوردی لە لایەنی بەرێوەبردنی تەكنیكییەوە لێبكۆڵدرێتەوە. تا دەگاتە ئەو قۆناغەی كە رادیۆی كوردی سیماو ناوەرۆكی وەرگرێ چەندین گرفت و ئاستەنگی هاتۆتە پێش كەخۆیان لە ناسنامە ولایەنی پێشكەوتنی تەكنەلۆجی دەبیننەوە، هەروا لە بارەی گوێگرەوجەماوەرەوە كەمی گوێگرو سنووورداری پەخشی پچرپچری رادیۆكان لە چاو رادیۆ جیهانی و عەرەبی و بەهێزی بەخش و بەردەوامی گوێگری گرفتێكی دیكەی رادیۆی كوردی یە لەو سەردەمی (١٩٣٩-١٩٧١).

توێژەر لەم توێژینەوەیەیدا، گرفتەكانی مێژووی پەخش و دامەزراندن وپێشخستنی بەشێوەیەكی زانستی پاڵپشت بەسەرچاوە باوەڕپێكراوەكان دەخاتە روو، لەكاتێكدا كەمی سەرچاوە یەكێكە لە گرفتەكانی توێژینەوەكە.

**بایەخی توێژینەوە:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەیدا، بابەتێكی بایەخداری بواری میدیای بیستراوی كوردی لە قۆناغی سەرەتایی سەرهەڵدانیدا دەست نیشانكردووە ورەهەندەكانی توێژینەوەكەی بۆ لێكۆڵینەوە لەسەرئەو بابەتە، بەشوەیەكی زانستی تەرخانكردووەولەچۆنیەتی پێشخستنی و گەشەسەندنی دەكۆڵێتەوەو بەگرنگی و بایەخەوەش شرۆڤەی گاریگەرییە ئەرێنییەكانی ئەو میدیایە دەكات بۆسەر هزری (وەرگر – جەماوەر – بیسەر) بۆ هەموو كایە رۆشنبیری و كۆمەڵایەتییەكان.

لەلایەكی دیكەوەش گرنگی و بایەخی توێژینەوەكە لەوە سەرچاوەدەگرێت كەمەبەستی توێژەرە تێدا هەوڵی داوە رۆڵی(میدیایی بیستراو- رادیۆ) كاریگەرتر و ئاسانتر بخاتەروو لە چاو كاریگەرێتی (میدیای خوێندراو – رۆژنامە) بۆ كۆمەڵگای كوردستانی لە سەردەمەدا، واتە نێوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٧١) لەبەر دوو هۆكاری گرنگ:

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكە بریتییە لە گەیاندنی زانیاری زانستی لەبارەی دامەزراندن و سەرهەڵدانی ئەم راگەیاندنە بیستراوە - رادیۆی كوردی و رۆڵی ئەم رادیۆیە لە نێو میدیای كوردی دا چی بووە لە پێشخستنی هونەر و رۆشنبیری كوردی بەگشتی لەدوای سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری كوردی.

لەلایەكی دیكەشەوە ئەم توێژینەوە ئامانجی ئەوەیە رۆڵی رادیۆی كوردی لە ئاشنابوون كورد بەتەكنەلۆجیای پەخش – ئێزگەو دامەزراندنی شرۆڤە بكات.

**میتۆدی توێژینەوە :**

ئەو میتۆدەی كە توێژەر لە توێژینەوەكەیدا بەكارهێناوە، بریتییە لە میتۆدی مێژووی و وەسفی. توێژەر بە داتاو مێژووله پەخش و پاشان لەدامەزراندنی رادیۆی كوردی و شوێن و كاتەكانی، سەردەم و جۆرو چۆنیەتی پەخشی رادیۆكان لە ماوەی (٦) ساڵدا بەوردی شرۆڤەو باس دەكات.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە، رادیۆی کوردی مێژووی پەخش و دامەزراندن و پێشکەوتن لە ساڵی پەخشی یەکەم رادیۆی کوردییەوە دەست پێدەکات وسنووری ئەو ماوەیە لە ١٩-١١-١٩٣٩ لە بەغدا پایتەختی عێراق بە کردنەوە و بڵاوبوونەوەی یەکەمین پەخشی بەشی کوردی رادیۆی بەغدا دەست پێدەکات و پاشان پەلوپۆداوێت بۆ وڵاتانی فەلەستین ،لبنان، میسر، ئەرمینیا، ئێران، وڵاتانی ئەوروپا، کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق.

هەروا توێژەر بۆ ئەم سەردەم و قۆناغەی رادیۆی کوردی پۆڵێنی ئەو رادیۆیانەی کردووە کە لە دەرەوەی خاکی نیشتیمان دامەزراون و پەخشیان بۆ خەلکی کوردستان بووە، لەگەڵ ئەوانەی لە نێو خاکی نیشتیماندا دامەزراون و پەخشیان بۆخەڵکی کوردستان و گوێگرانی کوردوغەیرە کورد بووە ،بەڵام تەنیا لە (٣) پەخشی رادیۆی دەدوێت و توێژینەوەکەی بۆ قۆناغی یەکەمی پەخشی رادیۆیی لەدەوەرەوەی خاکی کوردستان تەرخانکردووەو لە پەخش و پاشان دامەزراندنی رادیۆی کوردی بەغداش دەکۆڵێتەوە.

**بەشی دووەم:**

**چەمك و پێناسەی رادیۆ:**

رادیۆ( Radio یا Audo broadeasting (وشەیەکی لاتینییە، لە وشەی (رادیوس -Radius) ەوە رگیراوە و هاتووە، بەمانای (تیشکی نیوە بازنەیی) دێت، ناوەکەشی هەر ئەو مانایە دەگەیەنێ پەخش وگەیاندنی دەنگە بە هۆی شەپۆلەکانی کەهرۆموگناتیسی یا شەپۆلی نیوە بازنەیی. (د.محمد جمال الفار، ٢٠١٤م، ص١٦)

وەك چەمك و دەستەواژە وشەی (رادیۆ -Radio) بەواتای پەخش وگەیاندن و بڵاوکردنەوەی رێك و پێکی هەواڵ و بەرنامە و گۆرانی ونواندنی هونەری و مۆسیقا و هەر بابەتێکی دیکەی میدیایی دێت کە تایبەت بۆ جەماوەر – بیسەر ئاراستەی دەکرێت و دەنێردرێت. (د.محمد جمال الفار، ٢٠١٤م، ل١٦)

لە زمانی کوردیدا وشەی (رادیۆ) واتا فەرهەنگییەکەی بەم جۆرەیە:

رادیۆ: گێرِێوە، جۆرە ئامێرێکە بەهۆی هێزی کارەبا یا پیلەوە گۆرانی و ئاخاوتنی لە ئێزگەی شاران وەردەگرێ و دەیگێرێتەوە. (گیوی موکریانی، ٢٠١٧، ل٦٨٨)

**مێژووی سەرهەڵدان و دامەزراندنی رادیۆ:**

مێژووی داهێنان و دامەزراندنی رادیۆ لە جیهاندا، لەگەڵ دۆزینەوەی شەپۆڵی کورت دەستپێدەکات. (سعد سلمان المشهداني، ٢٠١٣، ص١٦٠)

لەبواری گەیاندنی دەنگ دا دۆزینەوەی زانای ئینگلیزی (کلارك ماکسوێل) لەبواری شەپۆلەکانی کارۆموگناتیسی ساڵی ١٨٦٧ و (هێنری جاکسۆن – بەریتانی) لە بواری بێتەلدا، لەگەڵ تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانی (گاليلمۆ مارکۆنی -ئیتالی) و(ئەلێکسەندەر بۆبۆڤی – رووسی )هیچیان سیما و ناوەرۆکی ئەوئامێرە ).

داهێنانی ڕادیۆ لە ئەنجامی هەوڵی کۆمەڵێك زانا و توێژەرانی بوارە جیاوازەکانی وەکو زانستی سروشتی وماتماتیك و فیزیك بوو بەتایبەتی توێژینەوەکانی تیشك وکارەبا. دوای دۆزینەوەی شەپۆلە دەنگییـەکان زانایان گەیشتنە دەرئەنجامێکی زانستی لەسەر گۆڕینی دەنگ بە شەپۆلی کارۆموگناتیسی، لەساڵی ١٨٦٠دا زانای بەناوبانگ (کلارك ماکسیۆڵ) بوونی ئەم شەپۆلانەی سەلماند کە دەتوانێ دەنگ لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر بگوازێتەوە، دوای ئەوەی زانای ئەڵمانی (ڕۆدۆلف هێرتز) توانی یەکەی پێوانەکردنی شەپۆلەکانی دەنگ بدۆزیەوە و ناوی نا (هێرتز) لەساڵی ١٨٨٨ دا.) (د.مصطفی حمید کاظم الطائي, ٢٠٠٧، ص٢٠)

داهێنەر و زانای لاوی ئیتالی گۆگلیلمۆ مارکۆنی ( Guglielmo Marconi، ١٨٧٤-١٩٣٧) توانی پەیامێکی دەنگی بنێرێت لە ڕێگەی تەلگرافەوە لەوکاتەی کە بروسکەیەکی دەنگی بەسەرڕووباری (مانش) دا بۆهاوڕێ فەرەنسیەکەی نارد کەماوەکەی ٢کم بوو لەساڵی ١٨٩٦، لەساڵی ١٨٩٧ توانی ماوەکەی زیادبکات بۆ ٥٥کم) (د.هاني الرضاء و د.رامز عمار، ١٩٩٨، ص١٥٢)

مارکۆنی لە ڕێکەوتی١٩٠١/١١/١٢ توانی بۆ یەکەمجار پەیامێك بەسەر ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا لە ئینگلتەراوە بۆ کەنەدا ئاڕاستەبکات، بۆیە ئەم ڕۆژە بەڕۆژی دۆزینەوەی ڕادیۆ دادەنرێت، لەوێشەوە ساڵی ١٩٠٩ لەگەڵ (براون)ی هاوڕێی بەهاوبەشی خەڵاتی نۆبڵیان بۆ ئەم داهێنانە گەورەیەی پێبەخشرا. (مەجید صالح، ٢٠٠٦، ل١٣٠)

مارکۆنی لەناردن و وەرگرتنی هێما دووره هەزار کیلۆمەتریەکاندا بێ بەکارهێنانی تەل سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، بووە سەرەتایەك بۆ پەخشی ڕادیۆیی، سەرەڕای سەرکەوتنی لە گواستنەوەی ئاماژەکانی نێوان کیشوەری ئەورووپاو ئەمریکای باکوردا.

لەگەڵ ئەوانەشدا پرۆسەی گواستنەوەی دەنگی مرۆڤ ڕووینەدا تا ساڵی١٩٠٤، واتە ئەوکاتەی سێر (جۆن فلیمینگ) سەمای کارەبای داهێنا کە بەشێکە لەئامێرەکانی پەخشی ڕادیۆ. (حەبیب کەرکوکی، ٢٠٠٨، ل٥٣)

بەڵام لەدایك بوونی راستەقینەی ڕادیۆ بۆساڵی ١٩٠٦ دەگەڕێتەوە ، کاتێك زانای بەناوبانگ (ڕیج ناڵدفیسیندۆن) لەزانکۆی (بیتسبرغ)ی ئەمریکی هەڵسا بەپەخشکردنی مۆسیقا بۆسەر کەشتیە دەریاییەکان لەیەکەم ڕۆژی ئەو ساڵەدا ، ئەمەش دادەنرێت بە قۆناغێکی تری پەرەسەندنی ڕادیۆ ، لە ساڵی ١٩١٤ یەکەم ڕادیۆ لە بەلجیکا لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (برنارد) دامەزرا ، لەساڵی١٩٢٠ لەئەمریکا و لەساڵی ١٩٢٢ لە بەریتانیا ڕادیۆ دەستی بەپەخشکردن کرد. (د.هاني رضا و د.رامز عمار، ١٩٩٨، ص١٥٢)

ڕادیۆ ڕووی لە گەشەکردنکرد لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا بەرەو دامەزراوەی بازرگانی سەرەنجام کۆمپانیاکان هەستان بەدامەزراندنی چەندین ئێزگەی ڕادیۆی وەك شێوازێکی تازە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلام لەکاتێکی کەم دا، بۆیە ڕادیۆ لێرە بەدواوە بایەخێکی زۆری پەیداکرد. (د.ابراهيم الداقوقي، بدون مكان وزمان، ص٥٢)

لە ئەڵمانیا لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٠ بەشێوەیەکی لۆکاڵی ڕادیۆدەستی بەپەخشکردن کرد کەنازیەکان هاتنەسەرحوکم لەساڵی ١٩٣٣ بایەخی زۆریان بەپەخشی ڕادیۆی دا بۆیە لەم ساڵەدا ڕادیۆ نزیکەی ٤ ملیۆن گوێگری هەبوو، لەساڵی ١٩٣٩ گەیشتە ٩٧ ملیۆن کەس کە هەموو بەرنامەکانی بۆ خزمەتی ئایدۆلۆژیای نازیزم بوو. (د.مەغدید سەپان، ٢٠٠٠، ل٢٠)

لە کۆماری چینی میللی یەکەم وێستگەی ڕادیۆ لەساڵی ١٩٣١ دانرا لەشاری (شەنگەهای) کە ڕادیۆیەکی بازرگانی بوو پیاوێکی ئەمریکی دروستیکرد ، هەروەك کۆمەڵێك ئەمریکی بەرنامەکانی ئەم ڕادیۆیەیان ئامادەدەکرد بۆئەوەی پەخش و بڵاوبکرێتەوە، هەروەها هەردووئاژانسی (ڕۆیتەرز) و (ملنگتۆن) بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانەی بۆ ڕادیۆکە سەرچاوەی زانیاریەکەی بوون، دوانزە عازفیش هەڵدەستان بەپێشکەشکردنی تراکی موزیك بۆی. (د.مجد الهاشمي، ٢٠٠٤، ص١٣)

لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕادیۆ بەشێوەیەکی بەرفراوان لەناو وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا بڵاوبوویەوە ، لە سوید لەساڵی ١٩٢١ ڕادیۆ بەرنامەکانی لەنێوان شاری (بۆدن ) و(لول یۆ) پەخشکرد، لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەساڵی ١٩١٨ لەتاقیگەوە پەخشی ڕادیۆ دەستپێیکرد بەڵام یەکەمین پەخشیان لە ساڵی ١٩٢٢بوو، وتاری یەکەمی (لینین)یش لەکۆتای هەمان ساڵدا لەم ڕادیۆیەوە پەخشکرا. (د.مەغدید سەپان، ٢٠٠٨، ل١٢٨)

لەکاتژمێر ٦ ی ئێوارە ی ڕۆژی ٣١ ی مایۆی ساڵی ١٩٣٤، بۆ یەکەم جار خەڵکی میسر دەنگی "ئەحمەد سالم" یان بیست وەك یەکەم بێژەر ی ڕادیۆی میسر بۆئەمەش ئاهەنگێکی گەورە ڕێکخرا. (د. فوزية فهيم، بدون تاريخ، ص١٣)

وێڕای ئەو بابەتە کورت و بچووکە میدیاییانەی ئەوسا بە بێتەلیش لە نێوان شاران ولە وشکاییەوە بۆ نێوکەشتییەکانی دەریاو زەریاکان پەخش دەکران هەر نەبوون بەو ئامێرو دەسگا ڕادیۆیی یەی تا ئەوپێشخستن و چاککردنە پێشکەوتوو و سەرکەوتووانەی مارکۆنی لەسەر توێژینەوە زانستییەکەی (هێرتز) لە بێتەلدا ساڵی ١٨٩٤ (لە تاقیگەی – کارگەکەی) خۆی لە نێو ماڵەکەی دا ئەنجامی دا و بوو بە داهێنەری. بۆیە گوالییلمۆ مارکۆنی پێشەنگی ئەو داهێنانە وەردەگرێت وکاتێ ئەو ئامێرە لەگەڵ خوی دێنێتە لەندەن لە ساڵی ١٨٩٦ نەوەی پەخشی ڕادیۆی لەدایك دەبێ و دەتوانی ئەم ئامێرە دەنگییە بابەتەکان بگەیێنێتە نێو کەشتییەکانی نێو زەریاو دەریا دوورەکان، بەتایبەتیش کەشتییەبازرگانی و جەنگییەکان، وەك ئەوساش گوتراوە: (اسا بريغز وبيتر برك، ترجمة د.نورالدين شيخ عبيد، ٢٠١٧، ٣٠٦)

(ئەو پێشکەوتنی بەپەلەی میدیا لەبەردەستی کرێکارێکی ئەندازیاربەخۆیەوە بینی، زۆرزیاترو پێشکەوتووترە لەو پێشکەوتنەی سیاسەتمەدارو وتەبێژانی سیاسی، هێنایانە دی). (اسا بريغز وبيتر برك، ترجمة د.نورالدين شيخ عبيد،٢٠١٧ ، ل٣٠٨)

لەدایك بوونی ئەم قۆناغەی میدیا کە بە (نەوەی پەخشی ڕادیۆیی) و میدیای بیستراو ناسرا لە لایەن کۆمپانیای ویستنگهاوسی ئەمریکی لە پرۆسەی دروستکردنی ئامێرەکە بەهەمی دروستکردنی یەکەم ئێزگەی ڕادیۆیی لە شاری بترسبرگی هەرێمی بنسلفانیای ئەمریکی لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ لێکەوتەوەو ڕادیۆودەزگای پەخش دادەمەزرێندرێ و گەرماو گەرم لە سەروبەندی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا پێداویستی و کاریگەری ئەو ڕادیۆیە زیاتر و باشتر بەدیار دەکەوێت، کاتێ یەکەمین پەخشی ئەم دەسگایە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەبێ وهەواڵی سەرکەوتنی (وارين هاردنگ) وەك براوەی یەکەم سەرۆك، یەکەم هەواڵ دەبێ بەر لەوەی لە ڕۆژنامەکان بڵاوبێتەوە، ڕادیۆکە ڕاستەخۆ لە کات و ساتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکاندا، هەواڵەکە پەخش دەکات و وەرگر – بیستەر یەکسەر وەریدەگرێ و گوێی لێ دەبێت.

ئەم ڕووداوە میدیاییەی ڕادیۆی کۆمپانیای ویستنگهاوس لە مێژوودا بووەتە یەکەمین کاریگەرییێتی میدیایی. (سعد سلمان المشهداني ل١٦٢)

لەساوە، ڕادیۆ وەك دەسگای تازەی پەخشی میدیای بیستراو لەگەشە سەندن و پێشکەوتن دادەبێ و دەبێتە (سەرچاوەی باوەڕپێکراو) ی بیستەر و وەرگر.

هۆکاری ئەوەی کە ڕادیۆ لەگەڵ سەرەتای مێژووی لەدایك بوونی یەوە دەبێتە سەرچاوەی باوەڕپێکراو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا دۆزینەوەی ڕادیۆ لە ئەنجامی داهێنانەکانی پێشووتری بوارەکانی کەهرۆموگناتیسی و شەپۆلی کورت و بێتەل و تەلەفۆن دا وەك دەنگ و گەیشتنی دەنگی بەرامبەر لە تاقیکردنەوەی دا سەرکەوتوو بوو و جەماوەرگەر هەموو توێژەرو تاکەکانی نێو کۆمەڵگاش نەبووبێ، ئەوا دەستەبژێرانی نێوگۆمەلگا لە چینی سەرمایەدارو بازرگانان تا دەستڕۆیشتوان و بەرپرسانی میری و سەربازی و سیاسیی سوودێکی زۆریان لێ وەرگرتبوو، بۆراپەڕاندن و ڕایکردنی کاروباریپێویستی ڕۆژانە و فەرمی و کەسیی باشترین گەیێنەر بوونە کە (وەرگر- بیسەر)ی بەرامبەر بێ گرفت و لە ئان و ساتی خۆیدا پەیامەکەی (نێنەر) ی پێگەیشتووە.

**چەند زاراوەیەکی پەخشکردن لە ڕادیۆدا:**

١- پەخشەکانی شەبەق: (پاسەوانی بەربەیان), الاذاعات الفجر (دورية الفجر)

زاراوەیەکە, بەهەندێ ئێزگەی پەخشی دەڵێن, کە کاتێکی زۆری بەیانی هەڵدەبژێرن بۆ پەخش, سەعاتێك یان دووان بەردەوام دەبێت, وەك هەندێ پەخشی ئایینی, یان تایبەت, کە

ڕۆژانە شەپۆلی بازرگانی بەکرێ دەگرن بۆ پەخش, لەو کورتە کاتانەدا. (جمال عبدول, ٢٠٠٦، ل١٥٧)

٢- ڕەشە پەخش: إلازاعة السوداء (Black Radio )

زاراوەیەکە, بەو پەخشە نهێنیانە دەوترێ کە شوێنی پەخشەکەیان و ئاراستەکانیان نازانرێت, هەروەك بەو ئێستگەی ڕادیۆیانە دەوترێ کە هەواڵزانی دەوڵەتێکی دوژمن دەستیان بەسەردا دەگرن بێ ئەوەی ئاشکرای بکەن و درێژە بە پەخشکردن دەدەن بێ ئەوەی کەس ڕاستی ڕووداوەکە بزانێت.

٣- ڕادیۆی سپی: إلازاعة البيضاء (White Radio)

ئەو پەخشە ئاشکرایەیە کەسەر بە لایەنی ناسراو یان بەناوی دەوڵەت یان حوکومەتێکی حزبیەوە دەدوێت و سیاسەتی دەردەبڕێت و برەو بە باوەڕەکانی پەیدا دەکات. (جمال عبدول, ٢٠٠٦، ل١٥٧)

**تەشەنەسەندنی پیشەی میدیای بیستراو لە جیهاندا:**

لە مێژووی دروست کردنی یەکەم ئێزگەی رادیۆ ودامەزراندنی ئەم میدیا بیستراوە، لەلایەن کۆمپانیای وێستنگهاوسی ئەمریکی لە تشرینی دووەمی ساڵی١٩٢٠ تا دەگاتە یەکەمین پەخشی(دەستەی ئێزگەکانی بەریتانی-B.B.c) لە بەریتانیا لەساڵی ١٩٢٢ وە تا ١٩٢٥ بەریتانییەکانی پێداویستی وڵاتەکەیان بۆ رادیۆ و ئەو میدیا تازەیە بە دامەزراندنی (٩) ئێزگەی رادیۆ دابین دەکەن.

لەوڵاتانی جیهانیش بەیایەخەوە روو لە دامەزراندن و پاشان پێشخستنی دەکەن، بە شێوەیەك کۆمپانیاکان دەکەونە ململانێ و کێبرکێ بۆ داهێنانی باشترو دامەزراندنی پتەوەترین رادیۆ. ئەو ململانێ و کێبرکێیەش ئەوکاتە بەدیار دەکەوێ کە دامەزراندنی بەهێزترین رادیۆ لەلای رووسەکان بەرهەم دێت و ئێستگەیەکی بەهێز لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٢٢ بە توانای ١٢ کیلۆوات دادەمەزرێن و رادیۆکەیان بۆ ئەوسا بەهێزترین و گەورەترین رادیۆ دەبێ لەسەر ئاستی جیهاندا. (یوسف مرزوق، ١٩٧٤، ص٥)

دوای ئەو رووداوە مەزنە میدیاییە لە بەریتانیا ئێزگەیەکی رادیۆیی بەهێز وەك هی رووسەکان هەر لەساڵی ١٩٢٢ دادەمەزرێ، و فەرەنسا رادیۆی(بورجی ئیڤل) و لە ئەڵمانیاو وڵاتانی دی ئەوروپی و ئەمریکییەوە ئێزگەی رادیۆیی بەهێزوبە توانای زیاتر دادەمەزرێنن تا پەخشیان بگاتە شوێنە دوورەکان وئەم چاولێکردنەوەیەی یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوسا لە دوو لایەنەوە سوود بەخش دەبێت:

**یەکەم :** تەکنەلۆژیای دروستکردنی ئامێری رادیۆ و ئێزگە دەبێتە پیشەیەکی گرنگی تەکنەلۆژیای میدیایی هەمیشە پێشکەتوو وپڕ لە داهێنانی ئەوپیشەسازییە رەنگینەی کە ناوی دەسگایی رادیۆییە.

**دووەم :** فرەوان بوونی پرۆگرامەکانی پەخشی رادیۆیی، بەرادەیێك هەر بە پەخشی هەواڵ و گەیاندنی پەیامە تایبەتییەکان ناوەستێ، بەڵکو تەواوی بوارەکانی میدیاو رۆشنبیری و هونەری و سیاسیی دەگرێتەوە تا لە ساڵی ١٩٣٣ کە هیتلەر حوکمی ئەڵمانیای گرتە دەست ،کەسەردەم سەردەمی دوای جەنگی جیهانی یەکەم بوو، بیروباوەڕی شوعیەت لەپەرەسەند دابوو بەهۆی پەخشی رادیۆکەی مۆسکۆ خەریکی ئەوەبوو تەواوی ئەوروپای رۆژئاوا بتەنێ، هیتلەر ئەرکێکی دیکە بەرادیۆی ئەلمانیا دەسپێرێ و بەرنامەی تازە بەناوی (پرۆپاگەندەی نازی) دەخاتە نێو رادیۆ و

پەخشی گەیشتن بە دوورترین شوێن دەبێتە ئەرکی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو هونەری گەیاندن. (سعد سلمان المشهداني، هەمان سەرچاوە، ل١٦٤)

تا ساڵی ١٩٣٣ ئێزگە لە ئەوروپا و ئەمریکا گەیشتە لووتکەی پێشکەوتنی، جگە لە وڵاتی مەغریبی عەرەبی نەبێ کە فەرەنسییەکان لەساڵی ١٩٢٨ ئێزگەیان لێ دامەزران لە و مێژووە بەسەرەوە، لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لە عێراق لەساڵی ١٩٣٦ لە لبنان لەساڵی ١٩٣٨ ئێزگەی رادیۆ دادەمەزرێ ووڵاتانی ناوچەکە ساڵ لەدوای ساڵ و ئێزگەی رادیۆی خۆیان دادەمەزرێنن.

**دامەزراندنی ئێزگەی رادیۆ لە عێراق:**

سەرەتای دامەزراندنی یەکەمین ئێزگەی رادیۆی عێراق لە بەغدا بۆ رۆژی ٢٢-٣-١٩٣٢ دەگەرێتەوە، کاتێ فەرمانگەی پۆستەو بروسکەی عێراق یەکەمین ئەزموونی پەخشکردنی بێتەلی لە کاتژمێر (٨:١٠)ی بەیانی و پاشان کاتژمێر (١٠:٠٠)ی شەو دەستێکرد ،لەسەر ئەو بێتەلانەی کەبروسکەی بازرگانییان دەگواستەوە پەخشەکان ئامادەکاری بوون بۆ گواستنەوەی وتاری مەلیك فەیسلی یەکەم لە ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگای کشتوکاڵی – پیشەسازی لە بەغدا. (سعد سلمان المشهداني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤)

پەخشەکانی دەقی وتارەکەی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لەسەرشەپۆلی (٥٣٠) مەتری و (٦٧،١٢) مەتری تاقیکرایەوە و خەلك گوێیی لێ بوو و بەبایەخەوە گوێبیستی بوون.

ئەم پەخشە ئەزموونییە (٩) رۆژ بەردەوام بوو، لە رۆژی ١-٤-١٩٣٢ بەهۆی مایکرۆفۆنەوە راستەوخۆ رێورەسمی ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگایەکە گواسترایەوە، ئەزموونی گواستنەوەی راستەوخۆ لەستۆدیۆی ئێزگەوە لە فەرمانگەی بێتەلی بەغدا لە (باب الشرقی – بغداد) بۆ شوێنی پێشانگاکە لە (باب ولموعەزەمی بەغدا) لەسەر شەپۆلی ٤٩ مەتری و ٩٠٠ مەتری پاش ئەوهات کە هەندێ گۆرانکاری هونەری لە ناردن و پەخش دا بکرێت.

دوای سەرکەوتنی ئەوگۆرانکارییانە، هەنگاو بە هەنگاو پەخشی رادیۆیی لە بەغدا بە چەندین تاقیکردنەوە دا تێدەپەرێ و ئەزموونی تازە بەخۆیەوە دەبینێ و تا دەبێتە ئەو ئێزگە رادیۆییە خاوەن بەرنامەیە ئەم قۆناغانە تێدەپەرێنێ:

١-فەرمانگەی بروسکەو بێتەل لە بەغدا لە رۆژی ٢٧-١-١٩٣٥ پەخشی ئەزموونی لە رۆژێکدا بەم جۆرە پێشکەش دەکات: پەخشی یەکەم کاژێر (٧) ی ئێوارە، پەخشی دووەم کاژێر (٨)ی ئێوارە، پەخشی سێیەم کاژێر (٨)ی ئێوارە.

٢- لەرۆژی پێنجشەممە ٧-٢-١٩٣٥ بەرێوەبەرایەتی پۆستەوبروسکە ئێزگەیەکی رایۆیی لە فرۆکەخانە دادەنێت دادەنێت و هۆڵی گوێگرتن بۆگەشتیارو رۆژنامەوانان دادەمەزرێنێت، تا گوێبیستی پەخشی ئێزگەکە بن. (د. ماجي الحلواني، ١٩٨٢ ص٢٠٢)

٣- رۆژی ٦-٢-١٩٣٥ رۆژنامەی (ئیستقلال) بەرنامەکانی رادیۆی بەغدا لە سەرلاپەرەکانی پەخش دەکات ئەمانەی خوارەوە هەندێ لە برگەکانی بەرنامەکەن:

- مۆسیقای ئەفرەنجی (رۆژئاوا)
- رۆڵی (کل من یزداد) نواندن: سەلیمە پاشا
- چەقچەقەی (دای خۆشەویستی) سەلیمە پاشا
- دابەشکردنی کەمانجە: سالح تکریتی
- دابەشکردنی قانوون: عەزووری بلاس

- چەند قەوانێك

هەروا لە ڕۆژی ٢١-٢-١٩٣٥ ئەزمونی سێیەمی پەخشی رادیۆیی لەسەر شەپۆلی ٤٨،٩٢ مەتر بەرنامەکانی فرەوانتردەکات و برگەی زیاترلەخۆ دەگرێت .

٤- بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆستەو بروسکە بایەخی زیاتر بە کاری رادیۆیی و دامەزراندنی ئێزگە دەدات و چ بۆ دەستەبەرکردنی بێژەرو پێشکەشکاران یا مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژان تا دەستەبەر کردنی ئامێرەکانی ناو ستۆدیۆ و ئامێری پەخش و بینایەی ئێزگەدا بۆیە ئەم پرۆژەیە دەچێتە واری جێبەجێکردن و لە ڕۆژی ١-٢-١٩٣٦دا دەبێتە پرۆژەی پەخشی ئێزگەی کاتی و لەبەر تەواو نەبوونی ژوورو بینایەی ئێزگەی رادیۆی بەغدا. (سعد سلمان المشهداني, ٢٠١٣، ل١٨١) پەخشەکە کاتی دەبێ و پاشان دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێزگە لە ئامێرو کارمەندنی رادیۆیی و هونەری لەرۆژی ١٠-٦-١٩٥٣ پەخشی فەرمی ئێزگەی بەغدا دەسپێدەکات و لەسەر شەپۆلی ٣٩١ مەتردرێژی و توانای ٧٦٧ کیلۆسایکل لە کاژێر ٨ ی شەو تا ١١ی شەو پەخشەکانی دەست پێدەکات .

٥- دوابەدوای بڵاوبوونەوەی پەخشە ئەزموونییەکان و سەرکەوتنی گەیاندنی بەرنامەکانی ئێزگە بە گوێگرو بیسەرانی ،رۆژی پێنشەممە ٢٥-٦-١٩٣٦ لێژنەی ئێزگە بەسەرۆکایەتی خەلیل ئیسماعیل بەرێوەبەری مەعاریف بریاردرا پەخشی رادیۆی عێراق لە ١-٧-١٩٣٦ دەست پێبکات بەشێوەیەکی فەرمی بەرنامە بۆ دارێژراوەمانگانە ٦ جاربێت.

ئێوارەی ئەو رۆژە ١-٧-١٩٣٦ لە مێژووی عێراق و شاری بەغدادا ساتێکی ئاسایی نییە، بەلکو ئێوارەیەکی مێژوویی یە، خەڵك لە چایخانەو قاوەخانەو شوێنە گشتییەکان کۆبوونەتەوە و گوێ لە رادیۆ دەگرن. پەخشەکانی ئەو رۆژە لە کاژێر ٨ ی ئێوارە بەدەنگی (بولبولی ئێزگە) کە ئاماژەبوو بۆ کردنەوەی ئێزگە دەست پێدەکات. (سعد سلمان المشهداني, ٢٠١٣، ل١٨٤).

رۆژی ١-٧-١٩٣٦ رۆژێکی گرنگە لە رووی راگەیاندن و پەخشی ئێستگەیی- ئێزگەیی رادیۆی عێراق، چونکە پەخشی هەواڵ و بەرنامەو وتارو گۆرانی ... تاد بەهۆی رادیۆوە لەو مێژووەی سەرەوە دەستی پێکرد و رووداوەکەش ناسراوە بە (رۆژی دامەزراندنی ئێزگەی بێ تەل – لاسلکی) و بۆ یەکەمین جار بێژەرێکی عێراقی بەناوی (عەبدولستار فەوزی) لە ١ی تەموزی ساڵی ١٩٣٦ بەزمانی عەرەبی گوتی (هنا المحته الاذاعة اللاسلكيه للحكومه العراقيه فى بغداد – ئێرە ئێزگەی بێ تەلی حکومەتی عێراقە لە بەغدا). (باکوری، ٢٠٠٩ ،ل٤)

رۆژی ١-٧-١٩٣٦ لەمێژووی میدیای عێراقی دا بەرۆژی دەستپێکی فەرمی ئێزگەی رادیۆی بەغدا دادەنرێت.

**بەشی سێیەم**

**پەخشی ئێزگەی رادیۆی بەغدا بە زمانی کوردی :**

هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهان لەساڵی ١٩٣٩ وە باشترین دەرفەت و هەلومەرجی لەباردەبێ و بۆ بیرکردنەوە لە دامەزراندن و پەخشکردنی رادیۆیی بە چەندین زمان لەرۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقا دا تا زلهێزانی ئەم جەنگە مەزنە بتوانن پەیامی خۆیان بەزمانی نەتەوەکانی ناوچەکە جگە لە زمانی عەرەبی بگەیێننە هاوپەیمان و لایەنگرانی خۆیان لە نەتەوەی جیاجیای ناوچەی ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەتایبەتیش بەریتانییەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و دژی ئەلمانیای نازی و دژایەتی کردنی هێزوتواناکانی نازیەت لە ناوچەکەدا جا لە بەغدا بووبێ یا بەیرووت یا قاهیرە یا لەفەلەستین و شاری یافا لە ساڵی ١٩٣٩ بەدواوە ئێزگەیان جگەلەوەی بە زمانی عەرەبی دامەزراند بەزمانانی کوردی و فارسی و ئینگلیزیش هەواڵ و پرۆپاگەندەیان دەخوێندەوە. (باکوری، ٢٠٠٩، ل٤٠)

له عێراق دا دوای دامەزراندنی ئێزگەی بەغدا بەشێوە فەرمییەکەی لە ١-٧-١٩٣٦ دا، لە رۆژی یەکشەممەی ١٩-١١-١٩٣٩ یەکەمین پەخشی رادیۆیی بەزمانی کوردی بە (کامل ئەمین) سپێردرا هەواڵ بەزمانی کوردی بخوێنێتەوە.

ئەو ئەرکەی بە یەکەمین بێژەری کوردی کامل ئەمین سپێردرا بە هاوکاری دوو لە فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بوو. (باکوری، ٢٠٠٩ ،ل١٩٨)، دەسپێکی ئەم پەخشە سەرەتا لە ١٥ دەقیقە تێپەری نەدەکرد هەمان بەرنامەی رادیۆی عەرەبی بەغدا بوو .سەرەتای پەخشی رادیۆیی کوردی لە ئێزگەی بەغدا دا لەسەر هەمان ئامێرو دەزگاکانی پەخشی رادیۆیی و ژوورو ستۆدیۆی ئێزگە و کارمەند و فەرمانبەرانی ئێزگە عەرەبییەکەی بەغدا کە رۆژی ١-٧-١٩٣٧ بەفەرمی دامەزرابوو پەخشی خۆی دەست پێکرد و ماوەکەی سەرەتا بۆ ماوەیەك لە هەفتەی دوو رۆژ بوو لە ماوەی (١٠-١٥) دەقیقە، هەر لەهەمان خانووی گەرەکی (ساڵحییەی) بەغدا کامل ئەمینی بێژەری کوردی دەچووە شوێنی بێژە عەرەبییەکەو پاش چەند دەقیقەیێك لەپەخشی قەوانی کوردی، چەند دەقەییکیش هەواڵ بەزمانی کوردی کە لە هەواڵەعەرەبییەکە وەرگێڕدرابوو دەخوێندرایەوە.

بەهەموو بارێکەوە ئەو رۆژە ١٩-١١-١٩٣٩رۆژێکی مێژووی گرنگە لە مێژووی میدیای بیستراوی کوردی و بۆیەکەمین جار زمانی کوردی دەچێتە نێو پەخشی رادیۆیی و بێژەر (کامل ئەمین) وەك یەکەمین کارمەندی رادیۆیی و وەك یەکەمین بێژەری کوردی ناوی لەو کاروانەی مێژووی میدیای بیستراوی کوردی تۆمارکراوە.

**بەشی کوردی رادیۆی بەیروت:**

لە مێژووی پەخشی رادیۆدا بەزمانی کوردی، رادیۆی کوردی بەیروت، کە بە بەشی کوردی لە رادیۆی بەیروت ناسراوە، لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم و بەمەبەستی دژایەتی کردنی هیتلەرو نازیەت، حکومەتی فەرەنسا لە بەیروتی پایتەختی لبنان رادیۆیەکی فەرمی حکومەتی دامەزراند. (باکوری، هەمان ٢٠٠٩ ،ل١٨٦)

بۆ ئەوەی بیستەران و گوێگرانی غەیرە عەرەبیش لە نیازو مەبەستی حکومەتی فەرەنسا بێبەش نەبن، بەتایبەتیش نەتەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی رۆژهەڵاتی ناوەراست و لە نێوان وڵاتانی سوریاو لبنان و عێراق و تورکیاو ئێران و یەکێتیی سۆفیەتی جاران پەرش و بڵاوبوونەتەوە و بەتایبەتیش بۆ کوردانی بەیروت و سوریاو تورکیاو عێراق رۆژی ٥-٣-١٩٤١ پەخشی رادیۆی بەشی کوردی لە ئێزگەی لوبنان بۆ ماوەی دوو کاژێر دەستی پێکرد. (وەسفی حەسەن ردێنی, ٢٠١١، ل٢٥)

لە ماوەی ئەم دوو کاژێرەی رادیۆکەدا بەزمانی کوردی دەنگ و باس وگۆرانی پەخش دەکران، هەندێ جاریش بەرنامەی رۆشنبیری ئاراستەکراو.

ئەم بەشەی رادیۆی کوردی لە بەیروت بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو، واتە لەساڵی ١٩٤٣ لەپەخش کردنی بەزمانی کوردی وەستا، لەو ماوەیەدا چەندین نووسەری دیاری کورد لەو بەشەی رادیۆی بەیروت کاریان کردووە لەوانە: نووسەرانی ناودار د.کامران بەدرخان و د. نورەدین زازا کە زمانی فەرەنسییان بەباشی زانیووە.

**بەشی کوردی رادیۆی رۆژهەڵات لە فەلەستین – یافا:**

هەر لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەم دا بەریتانیا چۆن لە بەرەکانی جەنگ دژی ئەڵمانیای نازی بوو، ئاوایش لەبواری راگەیاندن دا بەتایبەتیش لەبواری ئێزگەو رادیۆوە لەدژی ئەلمانیاو هیتلەر لە (الشرق الدنی) لەندەن، لەدژی رادیۆ و ئێزگەی عەرەبی بەرلین (هنا برلین – الإذاعة العربيه فى المانيا) و (يحى العرب)ی (یونس بحری موسڵاوی) بێژەرە سەرج راکێشەکەی ئەو رادیۆیە، بەرتانیا ئێزگەی رادیۆی ریژهەڵاتی لە فەلەستین بەناوی (محطه الشرق الدنى للاذاعه العربية) دامەزراندن. ئەوسا ساڵی ١٩٤١ بوو فەلەستین هەر لەژێر حوکمی ئیمپریالیزمی بەریتانیا بوو.

بۆ ئەوەی ئێزگەیەکی بەهێز بێ و رکابەری رادیۆی (هنا برلین) و (یونس بحری) بکات، بەریتانیا چەندین کارمەندی عەرەبی نارده لەندەن بۆ بەشداریکردن لەو خولەی بۆ ئەم مەبەسته کرابۆوە، تاکارمەندی لێهاتوو شارەزای بواری هونەری و تەکنیکی سەرکەوتوو پێرابگەیێنێت.

هەرواش کەوتەوە، کاتێ ئێزگەکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٢ لە بەهاری ئەوساڵەدا دەستی بەپەخش کرد، هەر لە دەسپێکی بووە مایەی سەرنجی گوێگرانی عەرەبی و دانیشتوانی وڵاتانی عەرەبی بۆخۆی راکێشا و گوێگرو بیسەرێکی زۆری لەدەورەی خۆی کۆکردەوە و بووبەیەکێك لەورادیۆیانەی رکابەری سەرەکی رادیۆکەی (هنا برلین) بێ و جگە لە دەنگ و باس و بەرنامە و بابەتی میدیای، بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیری گشتی و شیعرو وتاری بەپێزی لێ پەخشدەکرا.

سەرەتای پەخشی ئێزگەی رۆژهەڵات بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بوو، دوای ئەوەی ژمارەیەك نووسەر و رۆشنبیری دیاری کورد بەشێوەیەکی فەرمی و لەسەر داوای حکومەتی بەریتانیا لە حکومەتی عێراق لە بەغداوە بە فەرمی بۆ فەلەستین دەنێردرێن، پەخشی ئێزگەکە بەزمانی کوردی لە ماوەی (٢٤) کاژێردا بە (٢ -دوو) کاژێر دەست پێدەکات کاژێێك بە رۆژ و کاژێرێکیش بە شەو. هەردوو کاژێریش بەدەنگ و باس و وتاری سیاسی و بەرنامەی کورت و گۆرانی بەسەردەچێت.

لەبواری وتارەی رادیۆیی دا بەتایبەتیش وتاری سیاسی نووسەری فەلەستینی ئەحمەد دەباغ بەزمانی عەرەبی دەینووسی و گۆرانی شاعریش وەریدەگێرایە سەرزمانی کوردی و لەبواری گۆرانیش دا گۆرانی (دەمی راپەرینە - سرود، گوڵەگەنم و گوڵی خوێناوی) لە هۆنراوەی گۆران و رەفیق چالاك بوون پەخش دەکران سەرباری گۆرانی حەسەن زیرەك و حەسەن جزیری و مریەم خان.

لە کارمەندەکانی دیکەی ئەم رادیۆیە رەمزی قەزازو رەوف کەریم بەگ دوو کارمەندی دیکەی دیاری ئەم رادیۆیە بوون.

ئەم رادیۆیە تا ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٥ لە پەخشی ٢ کاژێری بەزمانی کوردی بەردەوام بوو. (وەسفی حەسەن ردێنی، ٢٠١١، ل٢٦)

**دامەزراندنی رادیۆی رادیۆی کوردی لە بەغدا:**

دەبێ دان بەوراستییە بنێین وەك چۆن پەخش و دامەزراندنی ئێزگەی رادیۆی بەغدا بەرەزامەندی و لەبەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا ودارودەستەکەی بووە، ئاوایش پەخشی بەرنامەی رادیۆی بەزمانی کوردی لە هەمان ئێزگەو رادیۆ دا لەبەر خاتری چاوی رەشی کورد نەبووە، یا لەبەر خاتری جەماوەرو گوێگری کوردی کوردستانی عێراق نەبووە تا گوێ لە ئاواز وسترانی کوردی بگرن وەك ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەوەڵامی داوەکارییەکەی ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی وای پێشان دەدات. (بابی لالۆ کەمال ڕەئووف محەممەد, ٢٠١٤، ل٩٢)

بەریتانیا لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم بۆ ململانێی و پاشان دژایەتی کردنی ئەڵمانیای نازی بایەخێکی تەواو بە میدیای بیستراو دەدات لە ناوچەکەدا و دژی رادیۆی بەهێزی (هنا برلین) نەك هەر بایەخی بەرادیۆ و دامەزراندنی لە عێراق دا، بەڵکو لە چەندین وڵاتانی ناوچەی ریژهەڵاتی ناوەراستیش هەمانکاری بە بەرنامە ئەنجامدا.

سەبارەت بە نەتەوەی کوردیش لە کوردستانی عێراقدا، بەر یەکەم پەخشی رادیۆی کوردی لە ٢٩-١١-١٩٣٩ بزاڤی رۆژنامەگەری و چاپ و بڵاوکردنەوە و هوشیاری نەتەوەیی گەیشتووبوە ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی مێژووی و نەتەوەیی هەر لە دوای سایکس – پیکۆ و بەزۆر لکاندنی ئەو بەشەی کوردستان بە وڵاتی تازە دروستکراوی عێراق

دا و تا سەرەتاکانی جەنگی جیهانی یەکەمیش کوردستانی باشوور – عێراق بەچەندین شۆڕش و راپەڕینی بەرپاکردبوو و بەرادەی ئەوەی ئینگلیزەکان بەر لە دەولەتی عێراق ترسیان لە کورد و بزاڤە شۆڕشگێڕییەکە هەرمابوو، بەتایبەتیش کاریگەری و دەرهاویشتەکانی شۆڕش و راپەڕینەکانی شێخ مەحموودی حەفید زادە لە ماوەی نێوان ٣-٤-١٩٣١ و ١-٥-١٩٣١ وشۆڕش و ڕاپەڕینی یەکەم و دووەمی بارزان لە کانوونی یەکەمی ١٩٣١ و بەردەوامی بەردەوامی شەڕو راپەڕینی ناوچەی بارزان و باکوری شاری هەولێر ئینگلیزیان تەنگەتاو کردبوو. (د. مەغدید سەپان، ٢٠١٣، ل ٢٤١) ئەوەیان کە هۆکاری سیاسیی بوو، بەریتانییەکان بەر لە دەسەڵاتدارانی عەرەبی حکومەتی عێراقی هەستیان پێکردبوو، هۆکارێکی دیکەی پەخشی رادیۆی بەزمانی کوردی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کورد وەك نەتەوە جیایە لەنەتەوەی عەرەب و خاوەن زمان و کەلتوورو مێژوو و ئەدەبی خۆیەتی و تایبەتمەندیەتی نەتەوەیی خۆی هەیە و بەزمانەکەشی بەتەواوەتی لە نەتەوەی عەرەب جیادەکرێتەوە.

بۆیە پەخشکردنی بەرنامەی رادیۆیی سەرەتا گەر بۆ ماوەیەکی گەلێ کەمیش بووبێ لە ئێزگەی رادیۆی بەغدای عەرەبی کەلە ١-٧-١٩٣٦ دەستی بەپەخشی فەرمی کرد بوو، دەسپێکێکە دەیسەلمێنێ کە کورد وەك نەتەوە نەتەوەی دووەمە لە عێراق و خاون تایبەتمەندیەتی نەتەوەیی خۆیەتی.

**لە پەخشەوە بۆ دامەزراندنی بەشی کوردی لە رادیۆی بەغدا :**

بەهیچ جۆرێك مێژووی یەکەمین پەخشی رادیۆی کوردی لە بەغدا بەزمانی کوردی لە رۆژی ١٩-١١-١٩٣٧، بە رۆژی دامەزراندنی ئێزگە ورادیۆی کوردی دانانرێت. لەبەر ئەم چەند هۆکارانەی خوارەوە:

١-رادیۆی کوردی لە بەغدا سەرباری ئەوەی لە دەرەوەی خاکی نیشتیمان پەخشی دەستپێکرد، بەر لەدەسپێکی پەخشی فەرمی خۆی، بە بێ تەل بە ئەزموونی پەخشی شەپۆلی کورت دا تێپەڕ نەبووە. بەواتایەکی دی نە ئێریاڵ – نێنەرە هەوایەکان، نە وێستگەی پەخش و تۆماری نەبووە. تەنانەت ستۆدیۆ و ئامێری میکرۆفۆن و تۆمار و ناردنیشی نەبووە.

٢- چەمکی دامەزراندن واتای هەموو ئەو دامەزراوانە دەگرێتەوە کە بۆ کاری رادیۆی دادەمەزرێن هەر لە کەلوپەلی ناو ستۆدیۆوە تا ئامێرەکانی گواستنەوەی دەنگ و پەخش کردن.

٣- یەکەمین بێژەری رادیۆی کوردی کامیل کاکە مین لە رۆژی ١٩ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٩ بۆ ماوەی ١٥ دەقە دا دەچێتە شوێنی بێژەرە عەرەبییەکەی نێو ستۆدیۆی رادیۆی بەغداو بۆ ماوەی ٥ دەقیقە دەنگ و باس دەخوێنێتەوەو بە گۆرانی سەرقەوان بەرێ دەکرێت .. ئەوەیان تا ماوەی نزیکەی دووساڵ بەو شێوەیە بەرێوەدەروات هەر سەربە ستۆدیۆی و کارگێڕی رادیۆ عەرەبییەکەی بەغدا دەبێ.

٤- لەگەڵ زیادبوونی کاژێرەکانی پەخشی کوردی بۆ کاژێرێك و پاشان بۆ دووان قۆناغی دامەزراندنی رادیۆی کوردی دەست پێدەکات و قۆناغ بەقۆناغ دەبێتە بەشی کوردی رادیۆیەکی خاوەن ستۆدیۆ و پەخش هەر لە ناو خانووی گەرەکی (ساڵحییەی) بەغدا دا و بەرنامەی تایبەت بەخۆی دەبێ و لە خوێندنی قورئانی پیرۆز و کردنەوەی ئێزگەدا تا دوا برگەی بەرنامەی رۆژانەی رادیۆیی .

٥- دوای دامەزراندنی بەشی کوردی بە گوێرەی پێداویستی سەردەم و ئەو قۆناغە سیاسییانەی عێراق و کوردستانی پێداتێپەریووە ماوەی پەخشی رادیۆی کوردی هەڵدەکشێ لە (١٥) دەقەوە بۆ (١ – ٢) کاژێرلە ساڵی ١٩٤١ بەسەرەو ، پاشان لە ساڵی ١٩٤٩- ١٩٥٩ دەبێتە (٣) دەمژمێر لە ساڵی (١٩٥٩- ١٩٦٣) دەبێتە (٨) دەمژمێر... هتد. (وەسفی حەسەن ردێنی٢٠١١ ، ل١٩) ئەو خاڵەیان دوای دامەزراندنی رادیۆکە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی زیاتری رادیۆی

کوردی نیشان دەدات لەبواری هونەری و تەکنیکی و رۆشنبیری و ئامادەکردمنی بەرنامەی هەمەجۆری میدیای بیستراوی رادیۆیی.

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە (رادیۆی کوردی مێژووی پەخش و دامەزراندن ١٩٣٩-١٩٤٥) بەشێکە لە توێژینەوەیەکی فرەوانی مێژووی بەخش و دامەزراندنی ئێزگەو رادیۆی کوردی، ئەنجامی سەرەکی توێژینەوەکەش بە زانستی باسکردنە لەم مێژووەدا کە لەسەرەتاکەی دا بە پەخشکردنی هەواڵ و گۆرانی و بەرنامەی ئاراستەکراو دەستی پێکردووە وهەروا لە هۆکارو مەبەستەکانی پەخشیش کە .سیاسی بوون و بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی جەنگی جیهانی دووەم بووە رونکراوەتەوە.

سەرباری ئەوەش چەمك و دەستەواژەی دامەزراندنیش بۆ رادیۆی کوردی و جیاکردنەوەی مێژووەکەی لە مێژووی پەخشکردندا راستکردنەوەیەکی زانستی مێژووی رادیۆی کوردییە لە مێژووی میدیای بیستراوی کوردی دا، کە بۆیەکەمین جاریش کە کورد ئاشنای ئەو ئامێرو دەسگایانەی پەخشی رادیۆی دەبێ، بوارێکی دیکەی تەکنەلۆجیای گەیاندن دێتە نێو بواری میدیای کوردی و هەژاری و دەستکورتی کوردیش بۆ ئەم بوارە، توێژەر دەیگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی، یا بەواتایەکی دیکە ژێر دەستەیی و داگیرکردنی خاك و نیشتیمانی کوردستان دەبنە هۆکارێکی دیکەی درەنگ ئاشنا بوونی کورد بە تەکنەلۆجیاو میدیای بیستراو کە ئێزگەی رادیۆییە.

هەروا توێژەر لەم هۆکارە سیاسییەوە سەیری سەرهەڵدانی رادیۆی نهێنی کوردی یا رادیۆی شۆرش دەکات بەتایبەتیش لە کوردستانی عێراق دا لە ساڵانی ١٩٦٠ بەرەو سەرەوە .

توێژینەوەکە، لەسەر رادیۆی کوردی و دامەزراندنی ئەو میدیایی بیستراوەی کوردییە، وەك میدیاییەکی قەدەغەی مەترسیداریش بۆ داگیرکەران لێیکۆڵدراوەتەوە، لە کاتێکدا گەلی کورد وەك نەتەوە خاوەن کیانی خۆی نەبووە و لە دوای رێککەوتنامەی سایکس- پیکۆوە دابەشکراوە و لە وڵاتی تازە دامەزراوی عێراقدا، بەزۆر پێیەوە لکێندراوە، وەك نەتەوەی دووەم درەنگتر لەومێژووەی رادیۆ وەك ئامێرو دامەزراندنی ئێزگە لەوساڵانەی لە وڵاتانی عێراق و لبنان و میسر و سووریا و ئێران و تورکیا رادیۆی وەك ئێزگە تێدا دامەزراوە. لە دامەزراندنیش دا وەك بەش و بۆ ماوەیەکی کورت پەخشی دەبێت، نەك وەك رادیۆ وئێزگەیپەخشی رادیۆیی سەربەخۆی خاوەن بەرنامەی هەمەجۆر

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: پەرتووك بەزمانی کوردی**


١. بابی لالۆ کەمال ڕەئووف محەممەد، مێژووی رادیۆی کوردی بەغدا ١٩٣٩-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، جزمی یەکەم، کوردستان – هەولێر چاپی یەکەم ٢٠١٤.

٢. جمال عبدول: فەرهەنگی ڕاگەیاندن، سلێمانی، چاپ و پوخشی سەردەم، ٢٠٠٦.

٣. حەبیب کەرکوکی، هونەری ڕۆژنامەنووسی، و. سەمیرە ئەحمەد، دهۆك، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨.

٤. وەسفی حەسەن ردێنی، رادیۆ و تەلەفزیۆنێت کوردی ١٩٣٩-٢٠٠٣ ، دهۆك ٢٠١١،

٥. گیوی موکریانی، پێداچوونەوە زێدەکردنی د. کوردستان موکریانی، فەرهەنگی کوردستان کوردی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٧.

٦. مەجید صالح، بنەماتیۆرییەکانی ڕای گشتی وڕاگەیاندن، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی، ن، ك)، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٧.	مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە١٤٥٠_١٥٠٠، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٨.

٨.	---------- ، ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ .. مێژووی پەیدابوونی رادیۆ ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکووك ٢٠١٣

٩.	ئێزگە مێژووی دامەزراندنی باکوری. باکوری. هەولێر، چاپخانەی شەهاب،٢٠٠٩.

**دووەم: پەرتووك بەزمانی عەرەبی**

١.	ابراهيم ألداقوقى، نظره في اعلام العالم الثالث، مركز التوثيق الاعلامي لدول خليج  العربي، بدون مكان وزمان.

٢.	اسا بريغز وبيتر برك، ترجمة د.نورالدين شيخ عبيد، تاريخ اجتماعي لوسائط التواصل من غوتنبرغ الى الانترنيت، الطبعة الاولى، المنامة –بحرين، ٢٠١٧.

٣.	سعد سلمان المشهداني، تاريخ وسائل الاعلام في العراق النشاة والتطور، دار اسامة للنشر والتوزيع لاردن – عمان، الطبعة الاولى، ٢٠١٣ م.

٤.	فوزيه فهيم, الفن الاذاعي، المركز العربي للثقافة والنشر، بدون تاريخ، بيروت.

٥.	مجد ألهاشمي, تكنلوجيا وسائل الاتصال الجماهيرى، دار الاسامه للنشروالتوزيع، الطبعة الاولى، عمان،  ٢٠٠٤.

٦.	محمد جمال الفار، معجم المصطلحات الإعلامية، دار أسامة للنشر والتوزيع، الأردن عمان ٢٠١٤ م.

٧.	مصطفى حميد كاظم ألطائي, التقنيات الاذاعية والتلفازية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعه الاولى، الاسكندرية، مصر، ٢٠٠٧.

٨.	هاني رضا و رامز عمار, الراى عام والاعلام والدعاية، الطبعه الاولى، بيروت، ١٩٩٨.

٩.	يوسف مرزوق ، المدخل الى حرفيةا لاذاعي ،القاهره ، مكتبة الانجلو المصرية ١٩٧٤.

١٠.	د. ماجي الحلواني ، الإذاعات العربية ط١، القاهرة ، دار الفكر العربي ١٩٨٢